

## هونەرمەند (رەزا چاو ڕەش)

## بــۆ گوڵان:

# پشتگوێخستنی هونەرمەندان گرفتێکی گەورەیە

دیمانە: سۆران مارف کریم
Soranmarif@hotmail.com


هـونـەری
گوڵان
ژمارە (٧٣٨)
٢٠٠٩/٦/٢٢


***◆ هونەرمەنـــد(رەزا چـــاو رەش) هونەرمەندێکی لاوی شاری سلێمانییە و توانیویەتی خزمەتێکی بەرچاو بەهونەری گۆرانـــی میللی بکات ســەرەتاکانی دەرکەوتنی بۆ ساڵانی ١٩٩١ و ١٩٩٢ دەگەڕێتـــەوە و دوای ئـــەوەی زانیمان کۆتایی بـــەکاری ئەلبوومە نوییەکەی بەناوی(ســەفەر) هێناوە، هەوڵماندا ئەم دیدارە هونەرییەی لەگەڵدا ســازبکەین ئەویــش بەمجۆرە بۆ پرســیارەکان هاتە وەڵام.◆***

لەســەرەتا دا هونەرمەند(رەزا چاو رەش) بەمشــێوەیە باســی لە ژیانی خۆیی کرد و گوتی من سەرەتاکانی ئاوێتە بوونم لە دنیای هونەری گۆرانـــی و موزیك دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٩٨٩)، ئەوەبوو توانیمان بەشێوەیەکی باش تیپی مۆســیقای شیلان دروست بکەین و ئەوەی هــۆکاری ئاوێتە بوونی من بوو بە دنیای هونەر، تەنیا توانســتە هونەرییەکەی خــۆم بوو ئەگــەر نا کەس هــاوکاری من بۆ ئاوێتــە بوونم بەکاری هونــەری، یەکەم بەرهەمی تۆمارکراوی من بۆ ساڵی(١٩٩٢) دەگەڕێتەوە کە بەناوی( دایك) بوو لە ئاوازی هونەرمەند( ئاری فــەوزی ) بوو، هونراوەی شــەهید(رزگار فەوزی ) بوو ئەوەی ئەمە و مــن ئاماژەی بۆ بکەم من ســەرەتا خولیا و حەزی من لە بواری هونەری شانۆدا زیاتر بوو بەڵام بەمەرجێ ئەوەی پێم وابوو لە هونەری گۆرانیدا ســەرکەوتوو تر دەبم، بۆیە هونەری گۆرانیم هەڵبژارد، ئەو کاتەی دەســتپێکی سەرەتاکانی کاری هونەریم بوو خانەوادەکەمان زۆر نارەزایی بوون بەتایبەتی باوکم هەرگیز پێی خۆش نەبوو گۆرانی بڵێم.

*** بۆچی تا ئێســتا کارەکانت بەباشی لە کەناڵەکانی سەتەلایتدا نەبینراون، لە کاتێکدا ســاڵانێکی زۆرە خزمەتی هونەری کوردی دەکەیت؟**

- من کەم تەرخەمییەکەم دەگەڕێنمەوە بۆ کەناڵەکانی راگەیاندن من کاتێ گۆرانییەکانم بەردەوام لە شاشەی تیڤی یە رۆکاڵییەکانەوە پێشکەش دەکران رەنگە هەندێ لەو کەسانەی ئێســتا کاری هونــەری دەکەن لــە واقیعی هونەری کوردی نەگەیشتن من پێم وایە ئەگەر لە ئەوروپا بوومایە دە ساڵ جارێك تەنیا یەك بەرهەمم پێشــکەش بکردایە ئەوا کەناڵەکانی ســەتەلایت زۆر بە گرنگییەوە بایەخیان پێ دەدا و هەموو رۆژی لە بەرنامەکانی خۆیاندا جێیان بۆ دەکردەوە، کە من پێم وایە تەنیا ئەمە



گرفتی من نییە بەڵکو گرفتی هونەرمەندانی کوردستانە کە پشت گوێ خراون، لایەنی پەیوەندداریش بەداخەوە بەدوا داچوونی بۆ ئەم لایەنە نەکردەوە و لێپێچینەوەی نییە، ئەمەش خۆی بۆ خۆی گرفتێکە گەورەیە.

*** ئێستا سەرقاڵی بڵاوکردنەوەی بەرهەمە نوێ یەکەتی، با بزانین ئەم بەرهەمەت کارەکانی چ جیاوازییەکی تیا بەدی دەکرێت لەگەڵ کارەکانی پێشووشدا؟**

- دیارە سەرەتا دەمەوێت ئەوە بڵێم کە ئەم بەرهەمەم هەوڵ و ماندووبوونێکی زۆری پێوە دیارە، بە تەئکید کارم لەسەر جیاوازی کردووە لە نێوان ئەم کارە و کارەکانی پێشوومدا دیارە کاری ئەم بەرهەمە نوێیەم کە بەناوی (سەفەر)ە خۆی لە (٩) گۆرانیدا دەبینێتەوە بەناوەکانی (سەفەر، چۆن، شێت نەبم، شیرینێ، یاد، ئەڵقە، گیاتنە دەرۆم، مقام، دەستی تاوان، شای لە شیعەی شاعیران( محەمەد پاکژ و ئارام تەلعاو ناسری شیخ کەریم و پەیمان رەشیدی و ئیسماعیل خورماڵی )یە و کاری موزیکیشی لەلایەن هونەمەندان(هێمن حوسێن، کارزان کامیل) ئەنجام دراوە ئەوەی جێگای ئاماژەیە ئەم بەرهەمە(سەنتەری رۆشنبیری شار) لە سلێمانی ئەرکی بڵاوکردنەوەی بەشێوەی ئۆرجینال گرتۆتە ئەستۆی خۆی و یەکێك لەم بەرهەمانە کە بەناوی (سەفەر) کلیپ کراوە و بەنیازم بەم زوانەش کاری کلیپ بۆ یەکێکی تر لە بەرهەمەکانم ئەنجام بدەم بەهیوام بتوانم لەبەرهەمەدا خزمەتێکی بەرچاو بە هونەری کوردی بکەم و دڵی جەماوەریشم پاراو بکەم، ئەوەی جێگای ئەم بەرهەمە هیچ لایەنێك هاوکاری من نەبوون لە رووی مادییەوە لە کاتێکدا زۆرجار بیستوومە هاوکاری هەبوو بۆ هونەرمەندان بەداخەوە من ئەو هاوکارییەم نەبینیووە بۆیە پێویستە حکومەت و دەسەڵات بێ جیاوازی هاوکاری خۆیان بۆ هونەمەندان پێشکەش بکەن نەوەك هاوکاری بۆ هونەرمەندانی دەرەوەی وڵات هەبێت و ئەونەی ناو کوردستانیش پەراوێز بخرێن.

*** تا چەند لە کاری هونەرییەکانتدا رەچاوی پاراستنی رەسەنایەتی و فلکلۆری کوردیت کردووە لە کاتێکدا هەندێك کەس خۆیان بە فۆلکلۆرە بەستۆتەوە، ئایا ئێمە هەر لەسەر یەك ستایل دەتوانین هونەر و پێش بەرین؟**

- دەبێت رێز لە فۆلکلۆری کوردی بگیرێت، بەڵام خۆ پێم وایە ستایلی نوێیشی هونەری کوردی پێستی دەخات دەتوانین سوودی لێوەربگرین بۆ زیاتر دەوڵەمەندکردنی هونەرەکەمان من پێم وایە ئەوە گرنگ نییە زیاتر بەڵام گرنگ نەهێشتنی قەیرانی هونەرییە من پێم وایە نەبوونی کەسانی ئەکادیمی و ستۆدیۆو دەزگای باش و نەبوونی ئاوازدانەر و هاوکاری نەکردنی هونەرمەندان ئەمانە قەیران پێویستە کاری جیددیان لەسەر بکرێن.

*** سروودی( بارزانی پاڵەوانی کورد) یەکێکە لەبەرچ زیندووەکانی بەرێزت ئایا ئەکرێت بزانین و کەسی ئەم بەرهەمەت تۆمارکردووە؟**

- دیارە وەك وەفایەك بۆ گیانی (بارزانی نەمر) من لە ساڵی (١٩٩٢) ئەم بەرهەمەم تۆمارکردووە کە هونراوەی مامۆستا(هەژار موکریانی )یەو بوو هیوادارم لە ئاست گەورەیی ئەو سەرکردە مەزنە بووبێت.

*** بە گشتی بەرێزتان کاری کلیپتان کەمە هۆکاری ئەمە بۆچی دەگەرێتەوە و تا چەند پێت وایە کلیپ گرنگی خۆیی هەیە لەسەر ناساندنی بەرهەمێك؟**

- لە راستیدا من بەنیازم لەمەودوا گرنگی بەکاری کلیپ بدەم هەر بۆیە پێش تەواوکردنی سیدییەکەم من کلیپم بۆ یەکێك لە بەرهەمەکانم کردوو ئێستاش بەنیازی کاری ترم، بەڵام بەداخەوە هەندێ جار کەناڵەکانی راگەیاندن زیاتر گرنگی بەکاری کلیپی دەرەوەی وڵات دەدەن من پێم وایە ئەم خۆیی گرفتێکی ترە، کلیپ رۆڵی سەرەکی هەیە لە ناساندنی هونەرمەند و کاری بەرهەمێك بە گشتی ئێستا بەوە دڵخۆشم کە کلیپی کوردی هەنگاوی ئیجابی ناوە.





## ڤیڤیان عازار:


# لە پێشکەشکردنی هونەردا هەموو کەس ئازادە

***سەرەتا چۆن دەستت بە کاری هونەری کرد؟**

- دیارە من سەرەتای هاتن بۆ ناو ئەو بوارە بە مۆدێل دەستم پێکرد، ئینجا لەوێوە رووم لە نواندن کرد، دواتریش لە گۆرانی گوتن، وەك زۆربەی هونەرمەندەکان هەر لە منداڵییەوە حەز و خولیای هونەر لە لای من هەبوو، بێگومان کەسانێکیش هەبوون کە یارمەتییان دام جا بە هەر شێوەیەك بێت، بەڵام گرنگتر لە هاوکاری ئەوەیە کە من خۆم حەزم لە کاری هونەری بوو و ئەو بەهرەیەش لەناخمدا هەبوو .

*** ئەگەر بگەڕێینەوە ساڵانی پێشووتر دەبینین ژمارەی هونەرمەندان بە بەراورد لەگەڵ ئێستا بە پەنجەکانی دەست دەژمێردران، ئەوەی ئێستا هەیە بەچی دەزانی؟**

- رەنگە ئەمە تا رادەیەك راست بێت، بەڵام دەبێ هەندێك دیاردە و فاکتەریش لەبەر چاو بگرین کە بووەتە هۆی زۆربوونی ژمارەی هونەرمەندان، بچووکترین نموونە زۆربوونی ژمارەی خەڵك و نزیکبوونەوەیان لە یەکتری بە هۆی تەکنۆلۆژیاوە، هەروەها زۆربوونی هۆکارەکانی راکەیاندن ئەوانەی تایبەتن بە بواری هونەری و هونەرمەندان و خۆ نەبەستنەوەی زۆری خەڵك بە کلتوور و دابونەریت، لەگەڵ زۆربوونی حەز و خولیای خەڵك بۆ هونەر بەتایبەتی گۆرانی گوتن، شتێکی ئاساییە ئەگەر هەر شتێك زۆر بێت ئەوا رەنگە شتی خراپیشی تێ بکەوێت و لەنێویاندا پەیدا ببێت، بۆیە من پێموایە دیاردەی زۆربوونی ژمارەی ئەوانەی گۆرانی دەڵێن لە هەردوو رەگەزەکە تا رادەیەك دیاردەیەکی ئاساییە و دەبێ هەموو لایەکیشمان قبوڵی بکەین، چونکە کەس ناتوانێت تا سەر گۆڕەپانەکە بۆ خۆی قورخ بکات.



***ڤیڤیان عازار یەكێكە لەو گۆرانیبێژە لوبنانیانەی كە سەرەتا لە نمایشكردنی جلوبەرگەوە ناوبانگی دەركرد، دواتر رووی لە بواری نواندن كرد و ماوەیەك چەند كارێكی پێشكەش كرد، بەڵام لەبەر خۆشەویستی بۆ گۆرانی گوتن و نەبوونی قەناعەتی تەواوی بە نواندن هەروەها لەبەر ئەوەی ئەو رۆڵانەی پێشكەشی كردن سەرەكی نەبوون رووی لە گۆرانی گوتن كرد.***

***ئێستا خەریكە لەبەر گۆرانی گوتن كاری هونەری ئەنجام دەدات و لە یەكەم كاری هونەرییەوە جەماوەر پێشوازییان لێی كرد، بۆیە ئەمە هاندەرێكی زۆر بوو بۆ ئەوەی بەردەوام بێت، لە رێگای ئیمێڵەوە چەند پرسیارێكمان ئاراستەی ڤیڤیان عازار كرد، ئەویش بەمشێوەیە وەڵامی داینەوە .***

*** دەرەنجامەكانی ئەم دیاردەیە چی دەبن؟**

-رەنگە یەكێك لە دەرەنجامەكانی ئەوە بێت كە هەندێك لە تەلەفزیۆنەكان هەرچی هەبێت نمایشی بكەن بێ ئەوەی لە باشی و خراپی و گونجانی و نەگونجانی بپرسن، بەڵام خۆ خەڵك هەست بەوە دەكات چ كارێك شیاوە و باشە و چ كارێكیش شیاو نییە.

*** ئێستا دیاردەیەكی تریش هەیە ئەویش بەكارهێنانی ئاوازی گۆرانی بیانییە لە نێو گۆرانی میللەتان بۆ نموونە عەرەب یان كورد ئاوازی میللەتانی دیكە بەكاردەهێنن لە گۆرانییەكانیاندا ئەمە چۆن لێك دەدەیتەوە؟**

- هەر كەسێك رایەكی تایبەتی هەیە دەربارەی ئەم باسە هەندێك پێیان باشە و پشتگیری لێدەكەن، هەندێكی دیكەش زۆر بە توندی دژی رادەوەستن، من پێموایە پێویست ناكات زۆر بە توندی دژی بووەستین، چونكە مۆسیقا زمانێكی جیهانییە و هەموو كەسێك دەتوانێت سوودی لێ وەربگرێت جا لە هەر شوێن و كاتێك بێت.

*** بۆچی لە مۆدێلەوە رووت لە كاری هونەری كرد؟**

- وەك گوتم من خولیای هونەر بووم، بەڵام پێموایە مۆدێل و نمایشكردنی جلوبەرگیش جۆرێكە لە جۆرەكانی هونەری، چونكە ئەو كچانە دەناسرێن و ناوبانگ دەردەكەن، هەروەها مەرج نییە هەموو مۆدێلێك دەنگی خۆش بێ و لە لایەن جەماوەر پێشوازی لەو كارانە بكرێت كە پێشكەشی دەكەن، بۆیە منیش رووم لە گۆرانی كرد، بەو هیوایەی بتوانم تێیدا سەركەوتوو بم، بەر لەوەی گۆرانی بڵێم بەشداریم لە هەندێك كاری نواندن كرد، بەڵام زۆر كەم بوون، هەروەهارۆڵیشم لەو كارانەدا سادە و لاوەكی بوو، بۆیە رووم لە مۆسیقا و گۆرانی گوتن كرد.

*** تۆ لە سەردەمێك گۆرانی دەڵێی كە رەخنەیەكی زۆر لە هەندێك گۆرانیبێژی ئافرەت دەگیرێ بەوەی كەهەوڵ دەدەن بە لەش گۆرانی بڵێن و خاوەن دەنگی خۆش نین؟**

- هەر كەسێك ئازادە لە چۆنیەتی بیركردنەوە وچی دەڵێ ورەخنە لە چی دەگرێ، منیش بەو شێوازەی خۆم گۆرانی دەڵێ جا خەڵكێك هەبن چی دەڵێن وچۆن بیردەكەنەوە، هەروەها هونەرمەندیش ئازادە چۆن هونەری خۆی پێشكەش بكات، بەڵام كەس ناتوانێت رێگای هونەر و پێشكەوتن لە كەس بگرێت.

*** سەبارەت بە نوێكردنەوەی گۆرانی كۆن وگوتنی ئاوازی وڵاتانی دیكە بە كاردەهێنن چی دەڵێی؟**

- هونەرمەندە كۆنەكانی ئێمەش ئاواز و مۆسیقای گەلانی تریان بەكارهێناوە، ئەمەش دیاردەیەكی ئاسایی وسروشتییە و كەس ناتوانێت رەخنەی لێبگرێت، بەڵام ئەوكەسەی كە گۆرانییەكی نوێ دەڵێتەوە پێویستە مافی گۆرانییەكەی وەك خۆی بدات، من گۆرانییەكەی هونەرمەندی میسری ئەحمەد عەدەوییەم نوێ كردەوە، بەڵام دوای ئەوەی خۆی رازی بوو بەوەی بیڵێمەوە و چەند جارێكیش گوێی لێگرت و قەناعەتی هەبوو بەوەی كە گۆرانییەكە بەشێوەیەك دەڵێمەوە كە نەبێتە هۆی شێواندنی ئینجا رازی بوو و دەستخۆشیشی لێكردم.

*** شێوازی گۆرانی گوتنی تۆ چۆنە؟**

- سەرەتا بە چەند شێوازێك گۆرانیم گوتووە، بەڵام ئێستا شێوازی تایبەتی خۆم هەیە كە تێكەڵێكە لە نێوان شێوازی رۆژهەڵاتی ورۆژئاوایی، چونكە من زۆر حەز لەو شێوازە دەكەم و پێموایە زۆر لە من نزیكە وزیاترخۆمی تێدا دەدۆزمەوە.

*** چ شتێك دژی تۆ گوتراوە كە زۆر كاریگەری سلبی بەسەر تۆوە هەبوویێت؟**

- زۆر شتی گوتراوە، بەڵام من بە هیچ شێوەیەك گوێیان پێ نادەم.

**جەماوەرەكەی زۆربەی كوردی لوبنانن**

*** ترسی ئەوەت نییە كە رێگا نەدەن تۆش لە هەندێك وڵاتی عەرەبی گۆرانی بڵێی؟**

- نەخێر، چونكە من هیچ شتێكی وا ناكەم كە شایەنی ئەوە بێت رێگام لێبگرن و نەهێڵم گۆرانی بڵێم، من ئەگەر لە شوێنێك جەماوەرم نەبێت و بزانم ئەو كارەی پێشكەشی دەكەم خەڵك پێشوازی لێ ناكات ئەوا خۆم ناچم لەوێ گۆرانی بڵێم، بەڵام دەزگاكانی راگەیاندنیش ئەم جۆرە كارانە زیادەڕۆیی تێدا دەكەن تەنیا بۆ ئەوەی رەواجیان هەبێت .

*** بۆچی زیاتر گۆرانییەكانت سینگڵن؟**

- بەرای من ئەو شێوازە ئێستا بۆ من باشترە و زیاتر دەتوانم خۆم بە جەماوەر بناسێنم وەك گۆرانیبێژێك و هەر كاتێك بەرهەمی باشم هەبوو ئەوا بێگومان پێشكەشی دەكەم، هەروەها لە رووی ماددیشەوە خەرجی كەمی تێدەچێت.

**لەبەر ئەوەی نواندن رۆڵی لاوەكییان دەدامێ بۆیە رووم لە گۆرانی وتن كرد**

*** ئەی سەبارەت بە گۆرانی فۆلكلۆر چی دەڵێی؟**

- فۆلكلۆر رۆحی هونەری هەموو نەتەوەیەكە ئەگەر فۆلكلۆر نەبوایە ئێمە نەماندەتوانی ئێستا بەو شێوەیە گۆرانی بڵێین، من هەمیشە گوێ لە گۆرانییە كۆنەكان دەگرم .

*** هونەر زۆری لە كاتی تۆ گرتووە؟**

- زۆربەی زۆری كاتەكەم بۆ هونەر و كاری هونەری تەرخان كردووە بەتایبەتی لە ماوەی رابردوودا.

*** چ شتێك هەیە كە رۆژانە ناتوانی دەستبەرداری بی؟**

- رۆژانە بەشێك لە كاتی خۆم تەرخان كردووە بۆ گوێگرتن لە مۆسیقا تەنانەت ئەگەر لە دەرەوەی لوبنان و لە گەشتیش بم .

*** چۆن پێناسەی خۆت دەكەی؟**

- من مرۆڤێكی هەستیارم رقم لە هیچ





کەسێك نییە، کاری خۆم زۆر خۆشدەوێت و حەز دەکەم هەمیشە تێیدا سەرکەوتوو بم و ڕێزێکی بێ سنووریشم بۆ جەماوەری خۆم هەیە

*** خۆشەویستی چی دەگەیەنێت بۆ تۆ؟**

- من ناتوانم وەسفێکی خۆشەویستی پڕ بە پێستی خۆی بکەم، چونکە لە لای من خۆشەویستی هیچ پێناسەیەکی تایبەتی نییە، خۆشی بێ سنوورە و تاموچێژێکی زۆر تایبەتی هەیە، بەجۆرێك ناخۆشییەکانیشی تامی خۆیان هەیە باوەڕ ناکەم لەو جیهانە کەسێك ئەگەر ئیحساسی هەبێت هەست بە خۆشەویستی نەکات، ئەوەی هەست بە خۆشەویستی نەکات جا هەر خۆشەویستییەك بێت نەبوونی زۆر لە بوونی باشترە.

**خۆشەویستی بێ سنوورە و تاموچێژێکی زۆر تایبەتی هەیە**

*** تۆ پشت بەچی دەبەستی لە گۆرانی؟**

- نەك من بەڵکو پێموایە هەر کەسێك ئەگەر بەهرەی گۆرانی گوتنی نەبێ لەو بڕوایەدانیم گۆرانی بڵێ، بەڵام ئاساییە ئەگەر دەنگی یەکێکی لە هی من خۆشتربێت.

*** هەندێك لە ئافرەتەکان ئێستا کە گۆرانی دەڵێن پشت بەرەنگیان دەبەستن نەك دەنگیان، چۆن وەڵامی ئەمانە دەدیتەوە؟**



- ڕاستە زۆر جار منیش بەوە تۆمەتبار دەکرێم کە سەرنجڕاکێشان و خۆ رووت کردنەوەم کردۆتە هۆکارێك بۆ سەرکەوتن، من زۆر گوێ بەم جۆرە قسانە نادەم، چونکە ئەگەر وەڵامیان بدەمەوە ئەوا قسەی زیاتر دەکرێ و ئەوکات تەنیا دەبێ خەریکی وەڵامدانەوەیان بم، بەڵام وەك ئافرەتێك مافی ئەوەم هەیە چۆن خۆم وەك مێینە نیشان بدەم و سەرنجی جەماوەر رابکێشم.

*** زۆر گۆرانیبێژی ئافرەتی لوبنانی ئێستا لە لوتکەدان، پێت وایە تۆش بتوانی بگەیت بە ئاستی ئەوان؟**

- دەستخۆشییان لێدەکەم لە هەموویان و هیوای سەرکەوتنی زیارت و بەردەوامیان بۆ دەخوازم، من پێموایە کەس ناگات بە ئاستی کەسێکی تر، چونکە هەر گۆرانیبێژێك شێواز و ستایلی تایبەت بەخۆی لە گۆرانی گوتن، هەروەها هەر هونەرمەندێکیش خاوەنی جەماوەری تایبەتی خۆیەتی ، بۆیە کارێکی هەڵەیە هونەرمەند خۆی بە هونەرمەندێکی دیکە بەراورد بکات، یان رکابەرێتی بکات، چونکە هونەرمەند بەر لە هەموو شتێك پێویستە رکابەرێتی بکات و کارەکانی پێشتری هەڵسەنگێنێت و خاڵە لاوازەکانی دەستنیشان بکات بۆ ئەوەی لە کارەکانی داهاتوویدا هەوڵ بدات دووبارە نەبنەوە لە هەمان کاتدا نابێ بیر لە سەرکەوتن و شکستی هونەرمەندانی دیکەی بکاتەوە، بۆ ئەوەی تووشی گرێیەکی دەروونی نەبێتەوە، چونکە منیش وەکو هەر هونەرمەندێکی دیکە دەرفەتی سەرکەوتنم هەیە لە هەمان کاتدا ئەگەر لە لوتکەشدابم ئەگەر هەوڵی بەردەوام نەدەم دەکەومە خوارەوە.

*** زۆر لە لوبنانییەکان روو لە میسر دەکەن بۆ ئەوەی لەوێ ناوبانگی زیاتر دەرکەن، تۆش بیرت لەمە نەکردۆتەوە؟**

-ڕاستە قاهیرە بۆ هونەرمەندە عەرەبەکان وەك هۆڵیود وایە و هۆکارێکە بۆ دەرکەوتنی





> بەیروت و دوبەیش بووەتە شوێنێك کە هونەرمەندان لە هەمووڵایەکەوە رووی تێدەکەن

هونەرمەندان و ناوبانگ دەرکردنیان، منیش ژمارەیەکی زۆری هونەرمەندانی میسر بەتایبەتی ئەکتەرەکان لەنزیکەوە دەناسم و چەندین جار لە فیستیڤاڵە سینەماییەکانی میسر داوەت دەکرێم و خەڵاتیش کراوم، بەڵام بیرتان نەچێت ئێستا بەیروت و دوبەیش بووەتە شوێنێك کە هونەرمەندان لە هەمووڵایەکەوە رووی تێدەکەن و ژمارەیەکی زۆر کەناڵ و دەزگای راگەیاندنی لێیەکە دەبنە هۆی پێشخستنی هونەرمەندان.

*** هونەرمەندانی لوبنانی لە بواری گۆرانی و موزیك لە ئاستێکی زۆر بەرزدان، بەڵام لە سینەما بەو شێوەیە نین ئایا ئەمە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- رەنگە بە پلەی یەك بۆ بەهرەی دەنگخۆشی لوبنانییەکان بگەڕێتەوە کە خوای گەورە پێی بەخشیوون، هەروەها حەز و خولیای لوبنانییەکانیش بۆ گۆرانی گوتن یەکێکە لەو هۆکارانەی کە وایکردووە لە گۆرانی و موزیکدا سەرکەوتووبن، چونکەو ئێمەی لوبنانی لە کۆنەوە تا ئێستا و دوا رۆژیش خۆشەویستی بۆ گۆرانی لە ناخماندا هەیە و بە ئاشکرا هەستی پێدەکرێت، بەڵام سەرەڕای ئەمەش لە گشتی بوارەکانی دیکەی هونەر وەك سینەما و شانۆ و تەلەفزیۆن و شێوەکاری کەسانی سەرکەوتوو و پرۆفیشناڵمان هەیە، فیلمە کۆنەکانیشمان ئێستاش جەماوەری خۆیان هەیە.

*** چ شتێك دەبێتە هۆی شکستی هونەرمەند؟**

- جەماوەر گەورەترین و پڕ بایەخترین سەرمایەیە بۆ هونەرمەند، سەرەتا هونەرمەند دەبێ هەوڵ بدات جەماوەری بۆ خۆی پەیدا بکات، ئینجا بەو هونەرە رەسەنەی پێشکەشی دەکات دڵ خۆشیان بکات، لە خۆبایی بوون یەکێکە لەو دەردەکوشندای کە دەبنە هۆی لاوازکردن و لە ناوبردنی هونەرمەند و ناوبانگەکەی بۆیە پێویستە بە هەموو شێوەیەك لێی دووکەوێتەوە.

*** هونەرمەند کەی دەگاتە لوتکە؟**

- هەر بەرای من هیچ هونەرمەندێك ناگاتە لوتکە، چونکە ئەوەیە لە لوتکە بمێنێتەوە ئەمەش بۆ ئێستا زۆر زەحمەتە، چونکە هونەرمەندان زۆرن و بەردەوام کاری نوێ پێشکەش دەکەن، ئەگەر لە لوتکەش هەوڵ نەدات ئەوا بێگومان دەکەوێتە خوارەوە.



*** هونەری (استعراضي) چۆن پێناسە دەکەی؟**

- هونەری (استعراضي)، جۆرە نمایشێکی تایبەتە و بە یەکێك لە بەرزترین جۆرەکانی دادەنرێت لەسەرتاسەری جیهان.

*** خۆشترین وڵات کە سەردانت کردبێت کوێیە؟**

- لوبنان و میسر لەلام زۆر خۆشەویستن بۆیە پێم وایە خۆشترین شوێنی سەرزەمینن.

***چی دەزانی دەربارەی هونەری میللەتی کورد؟**

- وەك هونەر زانیاریم نییە، بەڵام دەزانم کورد یەکێکن لە نەتەوەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لە ئێمەوە نزیکن، هەروەها لە لوبنانیش ژمارەیەك هەن و جەماوەریشم زۆریان کوردی لوبنانین.



## هونەرمەند نوژدار:

# با رۆحی هونەری کوردی نەکەینە قوربانی ئیقاعی رۆژئاوایی

***لە دەنگی نوژدار رەسەنایەتی هەستی پێدەکرێت بۆیە کاتێك گۆرانی دەڵێ سەرنجی هەموو لایەك بۆ خۆی رادەکێشی گۆرانییەکانی تاموچێژێکی تایبەتی دەبەخشن و مرۆڤ لە بیستنیان بێزار نابێت، نوژدار بە گۆرانی(سوڵتانا دل) توانی زیاتر بناسرێت لە لایەن جەماوەر وەك هونەرمەندێکی خاوەن توانا، ئێستاش خەریکی خۆ ئامادە کردنە بۆ بڵاوکردنەوەی بەرهەمێکی نوێ کە لە ژمارەیەك گۆرانی پێکدێت و ئاواز و پەیڤەکانی تەنیا خۆی هاوار بەدرخان دایانناوە، واتە تەنیا دوو کەس لەم بەرهەمەدا بەشدارن بە ئاواز و هۆنراوە و کەناڵی ڤین تیڤیش ئەرکی بڵاوکردنەوەی و خەرجییەکانی لە ئەستۆ بگرێت، بە پێویستمان زانی ئەم دیمانەیەی لەگەڵدا ساز بکەین.***

### هۆکاری سەرکەوتنی سوڵتانا دل

سوڵتانا دل هۆکارێکی ناوبانگ دەرکردنی نوژدار بوو لەم بارەیەوە دەڵێت:

بیرۆکەی گۆرانییەکە هەمووی هی من بوو، هۆنراوە و ئاوازی خۆم دامناوە و دوای تۆمار کردنی گۆرانییەکە من خۆم کاری دەرهێنەریم بۆ کلیپەکەش کرد، بۆیە پێموایە ئەمە یەکێك بوو لە هۆکاری سەرکەوتنی گۆرانییەکە، من دەمێك بوو بەدوای گۆرانییەك دەگەڕام کە تایبەتمەندیی و جیاوازی هەبێت و زۆریش خۆم ماندوو کرد لەگەڵ ئەو گۆرانییە، سوپاس بۆ خوا گۆرانییەکە زۆر سەرکەوتوو و جەماوەریش پێشوازییەکی زۆر باشی لێکرد و دەنگ و سەدایەکی زۆری هەبوو .

### هونەر بێ رەخنە و رەخنە لە خۆگرتن پێش ناکەوێ

کەسانێك هەن کارو پیشەیان بووەتە رەخنە گرتن لە هەموو شتێك لەو وڵاتە و بواری هونەریش لەم رەخنانە بێبەش نەبووە، کە زۆر جار مەبەستیان تەنیا رەخنە گرتنە لەم بارەشەوە نوژدار دەڵێ:

بێگومان هەر هونەرمەندێك دەبێ سینگی کراوە بێت بۆ ئەو رەخنانەی لە کارە هونەرییەکانی دەگیرێن لە لایەن ئەو کەسانەی کە شارەزای بواری هونەرن، بەڵام ئەو کەسەی رەخنە دەگرێت دەبێ بەر لە هەموو شتێك رەخنەکەی بە مەبەستی پێشخستنی هونەری کوردی بێت نەك بۆ مەبەستی تر، دەبێ رەخنەکانی بنیاتنەر بن بە جۆرێك هونەرمەند هەوڵ بدات پێداچوونەوەیەکی کارەکانی خۆی بکات لایەنە ئیجابییەکانی بەهێزتر بکات و لایەنە سلبییەکانیش نەهێڵێت و ئەو کەموکوڕیانەی کە هەستی پێدەکرێت نەمێنن ئەو کات هونەرمەندەکە وەك کەس سوودی لێ دەبینێت و دەبێتە هۆیەك بۆ پێشخستنی هونەری کوردی لە هەمان کاتدا جۆرە پەیوەندییەکی خۆشەویستی لەنێوان هونەرمەند و رەخنەگرەکە دروست دەبێت، من پشتگیری لەو جۆرە رەخنانە دەکەم، بەڵام ئەگەر بزانم رەخنەکە وێرانکەرە و تەنیا بۆ رەخنە گرتن و ناودەرکردن دەگیرێ و دەیەوێ لە رێگای هونەرمەندەکەوە ناو دەربکات و بوونی خۆی بسەلمێنێت ئەوا من دژی ئەو کەسەم جا هەر کێ بێت، چونکە هەموو لایەك دەبێ ئەوە باش بزانین کە بارودۆخی ئێستا جیاوازە ئەو هونەرەی پێش بیست ساڵ پێشکەش دەکرا ئێستا پێشکەش ناکرێ، من هەرچی یەك بم ناتوانم گۆرانییەك یان بەرهەمێکی وەك هونەرمەندی نەمر تەحسن تەها پێشکەش بکەم، بۆیە ئێمە دەبێ هەوڵ بدەین لەگەڵ پێشکەوتنی سەردەم برۆین.

زۆر جار رەخنەی ئەوە لە هونەرمەندە لاوەکان دەگیرێ کە هەوڵ دەدەن رەسەنایەتی هونەری کوردی بشێوێنن نوژدار وەك هونەرمەندێك لاو دەڵێ: ئەرکی هەموو لایەکمان هەوڵ بدەین رەسەنایەتی هونەری کوردی بپارێزین، بەڕا من رەسەنایەتی هونەری کوردی لەوەدایە هونەری کوردی بهێڵینەوە با سوود لە موزیك و هونەری بیانی و رۆژئاوایی وەربگرین، بەڵام با رووحی هونەری خۆمان نەکەین بە قوربان، زۆر ئاساییە ئەگەر هەوڵ بدەین یان بتوانین سوود لە ئیقاعی رۆژئاوایی وەربگرین بۆ خزمەت کردنی هونەری کوردی مەبەستم پەیڤی کوردییە، چونکە مۆسیقا زمانێکی جیهانییە هەموو میللەتانی جیهان لە زمانی مۆسیقا دەگەن، گرنگ ئەوەیە ئێمە لە رێگای مۆسیقاوە گۆرانی هونەری خۆمان بە جیهان نیشان بدەین و شتێکی وا

هونەری
گوڵان
ژمارە (٧٣٨)
٢٠٠٩/٦/٢٢

پێشکەش کە بە شانازییەوە بە جیهان بڵێین ئێمەش خاوەنی هونەری خۆمانین و ئەمەش هونەری ئێمەیە بێ ئەوەی زیان بە رووحی هونەری کوردی بگەیەنرێت .

## نابێ هونەری خۆمان بکەینە قوربانی هونەری بێگانە

لە وڵاتان زۆر ئاساییە ئەگەر هونەرمەندێکی وڵاتێکی دیکە بچێت گۆرانی بڵێت بۆ خەڵك بۆ نموونە چەندین هونەرمەندی ئەمەریکی هەیە کە خاوەن جەماوەرێکی زۆرن لە وڵاتانی ئەوروپا و کاتێك گۆرانیش دەڵێن بەسەدان هەزار کەس ئامادەی ئاهەنگەکانیان دەبن، کەچی لە کوردستان ئەم دیاردەیە زۆر بە توندی باسی لێوە دەکرێت لەم بارەشەوە نۆژداری هونەرمەند دەڵێ:

منیش رام وای کە نەدەبوایە ئێمە لەکاتێکی زوودا بەم شێوەیەی ئێستا خزمەتی هونەری بیانی و غەیرە کوردی بکەین، راستە تا رادەیەك دەتوانین بڵێین دەکرێ سوودیان لێ وەربگرین، بەڵام ئێمە میللەتێکین چەندین ساڵە لە لایەن دوژمنانەوە دەچەوسێنرێینەوە مافمان دەخورێت هەوڵی لەناوبردنی زمان و کلتووری نەتەوەییمان دەدرێت بە هەموو شێوەیەك، لە زۆر شوێنی کوردستان تا ماوەیەکی کەم بەر لە ئێستا تەنانەت قسەکردنیش بە زمانی کوردی قەدەغە بوو رەنگە مرۆڤ تووشی کوشتنیش ببایەوە لەسەر ئەوەی کە تەنیا بە کوردی قسەی کردووە، بۆیە پێموایە هێشتا زوو بوو بەو شێوەیە تێکەڵی دروست بکەین بەجۆرێك ببێتە هۆی ون بوونی هونەری کوردی، بۆیە نابێ بە هیچ شێوەیەك هونەری خۆمان بکەین بە قوربانی هونەری بیانی بە پێچەوانەوە دەبێ بیپارێزین و بەهێزتری بکەین.

جاران هەموو لایەکە گلەیی ئەوەیان دەکرد کە بوونی ئافرەت لەنێو هونەری کوردیدا کەمە، ئێستا ئافرەت هەیە، بەڵام دیسان خەڵکانێك گلەیی لە شێوە و چۆنیەتی دەرکەوتنیان دەکەن نۆژدار دەڵێ: راستە ئێستا ژمارەیەکی زۆری هونەرمەندانی کچمان هەیە و رۆژانە ژمارەیان لە زیادبووندایە، من گوێم لە دەنگی زۆریان بووە، بەڵام نامەوێ ناوی کەسیان بهێنم کە دەنگیان خۆشە و خاوەن بەهرەیەکی زۆرن، ئەمەش مایەی دڵخۆشییە بۆ هەموو لایەکمان، هیوادارم ئەمانە زیاتر پەرە بە تواناکانی خۆیان بدەن و هەوڵ بدەن ئەگەر کەموکورییەکیشیان هەبێت نەمێنێ و کاری هونەری وا پێشکەش بکەن کە خزمەت بە هونەری کوردی بکات لە هەمان کاتدا دڵی جەماوەریش خۆش بکەن، ئەگەر بگەڕێینەوە دواوە دەبینین هەمیشە کورد خاوەن هونەرمەندی دەنگخۆشی ئافرەت بووە کە ئێستاش هەموومان شانازییان پێوە دەکەین .

## دەبێ هونەرمەند بژێوی ژیانی لە هونەری پەیدا بکات

ئێستا زۆر لە هونەرمەندان لە ئاهەنگی تایبەت گۆرانی دەڵێن نۆژدا لەم بارەیەوە دەڵێ:

من خۆم بەشداری لە ئاهەنگی بووك گواستنەوە ناڵێم ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە باری دارایی من باشترە لە هەندێك هونەرمەندی دیکە ئەمەش یارمەتی من دەدات کە بەشداری نەکەم لە ئاهەنگی تایبەت، بەڵام رەنگە زۆر هونەرمەند هەبن کە باری داراییان باش نەبێت و ژیانیان بەڕێوە نەچێت ئەگەر لە ئاهەنگەکاندا بەشداری نەکەن، هونەرمەند دەبێ سەرچاوەیەکی بژێوی هەبێت بۆ ئەوەی بتوانێت بەردەوام بێت گۆرانی گوتن، هەروەها بۆ ئەوەی بتوانێت کاری نوێتر و باشتر پێشکەش بکات.

## دەنگخۆشی بەهرەیە و کەس لە رێگای پەیمانگاوە دەنگی خۆش نابێت

لە دوای راپەڕین لە کوردستان چەندین کۆلێژ پەیمانگای هونەرە جوانەکان کرانەوە و بە دەیان قوتابی لەم دوو دەزگا هونەرییە ئەکایمییە دەرچوون کە نۆژدار خۆیشی یەکێکە لەوان دەربارەی گرنگی ئەم دەزگایانە و ئایا بە ئەرکی خۆیان هەستاون، لەم بارەیەوە نۆژدار دەڵێ:

راستە بوونی دامودەزگای ئەکادیمی هونەری لە کوردستان هەنگاوێکی باش و لە جێیە و هەر چۆنێك بێت خزمەتێك پێشکەش بە بوارەکە دەکات، بەڵام دەنگ خۆشی و بەهرەی هونەری ئەمانە بەهرەیەکن خوای گەورە بە مرۆڤی بەخشیون ئەگەر کەسێك بەهرەی دەنگخۆشی نەبێت ئەوا لە هەموو کۆلێژو پەیمانگاکانی جیهان بخوێنێت دەنگی خۆش نابێت و نابێتە هونەرمەند، بۆیە ئەمە دەگەڕێتەوە سەر ئەو کەسەی کە گۆرانی دەڵێ یان بە خۆی دەڵێ هونەرمەند، سەبارەت بە رۆڵی کۆلێژ وپەیمانگا بێگومان کردنەوەیان خۆی لە خۆیدا دەستکەوتێکە و دەبێ ئێمە شانازییان پێوە بکەین .

لە کۆتاییدا نۆژدار دەڵێ: هیوادارم حکومەتی هەرێم گرنگییەکی زیاتر بە ژیانی هونەرمەندان بدات بەتایبەتی لە پاراستنی مافی هونەرمەندان و بنبڕکردنی دیاردەی کۆپی کردن، چونکە کۆپی بووەتە پەتایەکی کوشندە و تووشی هونەرمەندی کورد هاتووە.

**کۆپی بووەتە پەتایەکی کوشندە و تووشی هونەرمەندی کورد هاتووە**

